# ئەنتیبایۆتیك و شێرپەنجەی مەمك

ئەنجامی توێژینەوەکانی توێژیارە ئەمێریکاییەکان ئەو راستییە دەردەخەن کە ئەو ژنانەی ماوەیەکی درێژ ئەنتیبایۆتیك بەکاردەهێنن زۆر مەترسی تووشبوونی شێرپەنجەی مەمکیان لێدەکرێت .
لە دوا توێژینەوەی گۆڤاری پزیشکی JAMA ی ئەمێریکایدا ئاماژە بە جۆری دەرمانەکەکان ناکات بەڵام بە گشتی باسی ئەنتیبایۆتیك دەکات کە مەترسی دەرکەوتنی شێرپەنجەی مەمك زێد دەکات .
توێژینەوەکە 2300 ژنی دانیشتوانی شاری واشنتۆنی لە خۆگرتبوو کە تووشی شێرپەنجەی مەمك بوون . گروپێکی دی کە 8000 ژنی لە خۆگرتبوو ، بە یاریدەی کۆمپیوتەری دەرمانخانەکان توانییان کۆنترۆڵ و چاودێری نەخۆشەکان بکەن .
ئەنجامی توێژینەوەکان روونیان کردەوە کە ئەو ژنانەی تووشی شێرپەنجەی مەمك بوون رێژەیەکی بەرز ئەنتیبایۆتیکیان وەرگرتووە . ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە تا مرۆ زێدەتر ئەنتیبایۆتیك بەکاربهێنێت مەترسییەکە زێدەتر دەبێت .

**سەرچاوە**

سوود لە رۆژنامەی ئافتۆنبلادێتی رۆژی 18 ی فێبرواری 2005 وەرگیراوە.